ئەییان ودوارد

# ژیاننامەی

# گەورە موزیـــسیانەکـــان

ئەییان  ودوارد

# ژياننامەی

# گەورە موزيـــسيانەكـــان

وەرگێڕانی
زۆزك قەرەداخی

سلێمانی- ٢٠٠٥

**زنجیرەی کتێبی دەزگای چاپو پەخشی سەردەم**

**کتێبی گیرفانی ژمارە ( ٦٥ )**

**سەرپەرشتیاری گشتیی زنجیرە**

**ئازاد بەرزنجی**

# ژیاننامەی گەورە موزیـــسیانەکــــان

نووسینی: ئەییان ودوارد

وەرگێڕانی : زۆزك قەرەداغی

بابەت: ژیاننامە

بەڕێوەبەری هونەری: شیروان تۆفیق

مۆنتاژی کۆمپیوتەری: سەیران عەبدولرەحمان

سەرپەرشتیاری چاپ: فەرهاد رەفیق

ژمارەی سپاردن : ١٥٩ ی ٢٠٠٥

**مافی لە چاپدانەوەی ئەم کتێبە بۆ**

**دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم پارێزراوە**

**www.sardam.info**

## وتەیەکی پێویست:

خوێنەری بەڕێز ئەم نامیلکەیەی بەردەستت یەکێکە لە نوسینەکانی ( ئەییان ودوارد )بە زمانی ئینگلیزیی و خاتوو ( رۆزغەریب ) وەریگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی لە کتێبخانەی لوبنان لە بەیروت چاپ کراوە .منیش وەکو موزیککارێك بە پێویستم زانی وەریبگێڕمە سەر زمانەکەمان وەکو سەرچاوەیەکی موزیکیی ناو کتێبخانەی هونەری کوردیی ، سوود بە ئارەزوومەندانی موزیك بگەیەنێت .

خوێنەری ئازیز حەزم کرد پێش ئەوەی دەست بکەیت بە خوێندنەوەی ژیاننامەی ئەم سێ کەڵە هونەرمەندە سەرنجت بۆ ئەوە ڕابکێشم کە لە ئەنجامی لێکدانەوەم بۆ ئەم نامیلکەیە و بەدواداچوونی کتێبەکانی تر کە باس لە ژیاننامەی ئەم سێ موزیسیانە دەکات وا تێگەیشتم کە ئەم نامیلکەیە زیاتر بۆ ئارەزوومەندانی موزیکی کلاسیك و جیهانی داڕێژراوە یاخود خوێندکار گەلێك کە بەنیازی خوێندنی کۆلێج و پەیمانگا موزیکیەکان

خۆيـان ئامـادە دەكـەن ئەمـە سـەرەتايەكی گرنگـە بـۆ فـــراوان بـــوونی هەســـت و تێگەيشـــتن لـــە وانـــە موزيكيەكانی وەكو

(مێژوی موزيك ، تيۆری موزيـك و ، هتـد .... )

. ئەوە شمان لـەياد نەچـێ ئەگـەر سـەيری سەرچاوە جيهانيەكان بكەين هەر يەكێك لەم موزيـك دانەرانـە چـەندين كتێـب و شـيكردنەوەی تايبـەتيان لەســەر نوسراوە و چەندين نامەی ماجستێر و دكتۆرا لەسەر قەترەيەكی دەريـای موزيكـەكانيان بەدەست هێنـراوە و لـە ناميلكەيـەكی ئـاوا بچـوكدا نـاتوانرێ تـەواوی ژيانيـــان باســـبكرێت ، وێـــڕای ئـــەوەی هەريەكـــەی لەتەمـــەن و ســـەردەمێكی جيـاوازيش دا ژيـاون بـەو هـەموو تايبـەت مەنديـە جياوازانـەوە تەنانـەت لـەم ناميلكەيەدا زۆر بە ڕوونی ئاماژەی بەسەردەمەكانيان نەداوە لەبەر سادەو ساكاريی بـۆ خوێنـەری ئاسـايی و ئارەزوومەنـــد .بـــۆ نمونـــە هونەرمەنـــد( يۆهـــان سباســـتيان بـــاخ ) لـــە ســـەردەمی بـــاروك دا ژيـــاوەو هـەردوو هونەرمەنـدان ( بتهـۆڤن و مـۆتزارت )يـش دوو موزيك دانەرن لە شێوازێكی جيـاوازی سـەردەمی كلاسيك .

ئەییان ودوارد

بەڵام گرنگ ترین ئامانجی ئەم ناميلكە گیرفانيـە پڕكردنی چێژو تامەزرۆيـە لـە نـاخی موزيـك نـاس و ئارەزوومەنـــددا كاتێـــك گوێبيســـتی موزيكـــەكانيان دەبينــەوە هەســت بــە پڕيــەكی تايبــەتيی دەكــەين و حــەز دەكــەين ئێمــەش بــەو جــۆرە گــەورە و بــەرێز بوينايــە لــەناو دنيــای مــوزيكی جيهانيــدا و هــەمان راستيی و ناوبانگمان هەبووايە ....

زۆزك قەرەداغی

سلێمانی ٢٠٠٥

## پێشەکیی دانەر

خوێنەران .. گەورەبن یان بچووك چێژێکی زۆر وەردەگـرن لـە خوێندنـەوەی ژیاننامـەی ئـەم سـێ موزیسـیانەی کـە ئـەم پەرتوکـە ئەیانگرێتـە خـۆی ، بەمەش چێژ و هۆگریتان بۆ گوێ گرتن لە بەرهەمـە موزیکیەکانیان زیاد دەکات .

هـەر یـەکێك لـە مـوزیکی ( بـاخ ، مـۆتزارت ، بتهـۆڤن ) سـتایلێکی تایبـەتیان هەیـە ، بـە گـوێ گرتنێکـی ورد و بـە ئاگـا زۆر ئاسـانە بـۆ ناسـینەوەی بەرهەمـەکانیان کـە دەگاتـە ڕادەیـەك گـوێ گـر بـە شـێوازێك ڤـاڵ دەبێـت کـە بـە بیسـتنی گوزارەیـەکی مـوزیکیی یـان چـەند کۆپلەیـەك بەرهەمەکـەیان بناسێتەوە .

وامـان بـەباش زانـی کـە لـە کۆتـایی ئـەم کتێبـەدا لیسـتێك بـە نـاوی گـرنگترین دانـراوە موزیکیـەکانیان دارێژین کە بە زۆریـی بـەربلاون لـە دەزگـای ڕادیـۆ و میدیاکان دا یان بە ئاسانی بە دەست دەکەون لە سـەر کاسێت و CD .

## موزیکییەکانی ئەم کتێبە

- یۆهان سباستان باخ ( ١٦٨٥ – ١٧٥٠ )
- ۆلفگانك ئەمادیۆس مۆتزارت ( ١٧٥٦ – ١٧٩١ )
- لۆدڤیك ڤان بتهۆڤن ( ١٧٧٠ – ١٨٢٧ )

## ڕوونکردنـەوەی ئـەو زاراوە موزیکییانـەی لـەم کتێبەدا هاتووە

**ئازارەکـــان** : موزیکێکــە کــە گوزارشـــت لــە ئازارەکانی مەسیح دەکات .

**ئۆڤەرچـــور:** پێشــەکیەکی موزیکیــە بەدوایــدا موزیك دەست پێ دەکات .

**ئۆپێرا** : شانۆیەکە پشت بە گۆرانی دەبەستێت و بەگۆرانی ئامێز ناسراوە ، پێویستی بە بـەکارهێنانی جل و بەرگ و نواندن و نیگارسازیی و شانۆ و سـەما هەیە بەشێوازێکی گونجاو لەگەڵ موزیك دا .

**ئۆراتۆریـــۆ** : پێکهاتەیـــەکی شـــێوە ئاینیـــە ئـەگونجێ بـۆ دەنگـی تـاك و كـۆرس و ئۆرکێســترا ، شـێوازی درامـایی یـە بـەڵام واز لـە جـل و بـەرگ و نواندن و نیگارسازیی دەهێنێ .

**تۆکاتـــا** : دانـــانی پێکهاتەیەکــە بــۆ ئــامێرە کلیلیـەکانی وەك ( پیـانۆ و هارپسـیکۆرد ) ئامـانجی دەرخستنی توانای موزیکژەنە .

**سیانیلە**: موزیکێکە بۆ سێ دەنگ یان بۆ سێ ئامێر .

**چوارینە** : موزیکێکە بۆ چوار دەنگ یان چوار ئامێر .

**سیمفۆنی** : پێکهاتەیەکی موزیکیە بۆ ئۆرکێسترا .. بە جوانیی و ئاست بەرزیی دەناسرێتەوە کە لە سێ جوڵە یان چوار جوڵە پێکدێت و ئیقاعی جۆراوجۆرە .

**سۆناتا** : پێکهاتەیەکی موزیکیە بۆ یەك ئامێر ( بۆ نمونە : پیانۆ ) یان دوو ئامێر ( بۆ نمونە : پیانۆ و ڤایۆلین ) کە لە سێ تا چوار جوڵە پێکدێت .

**سرینادا** : موزیکێکە یان گۆرانیەکە لە دەرەوەی هۆڵ و شانۆپێشکەشدەکرێت .

**فوگ** : شێوازێکی موزیکییە کۆمەڵێك ڕۆڵ و دەنگە کە بەدوای یەکدا تێکەڵاوە و هەندێ جار لاسایی گوزارە و بەشەکانی پێوەدیارە .

**کانتاتا** : چیرۆکێك یان شانۆگەریەکی بەئاوازە ئەگونجێ بۆ گۆرانی کۆرس نەوەك نواندن .

**کۆنسێرتۆ** : قاڵبێکە بۆ ئـامێرێکی سـەرەکیی یـان زیاتر وەك ڤایۆلین یان پیانۆ .. هتد .. بـە هاوشـانیی لەگەڵ ئۆرکێسترادا .

**ماس، قـودداس** : پێکهاتەیـەکی موزیکیـە کەشـی تایبـەتیی ئـاینی پێشـکەش دەکـات کـە تایبەتـە بـە کڵێســەی ڕۆحیانــەتی کــاثۆلیکیــی کــە ئــەویش ( قودداس) ە .

**ماسك** : بەرنامەیەکی موزیکیی گاڵتە ئـامێزە کـە لەگەڵ نواندندا ڕێکدەخرێت

**موتیت** : جۆرێك گۆرانیی کڵێسەیە کـە گوزارشـت لە ستایش و خۆشیی دەکات .

**موزیکی ژوور** : موزیکێکی کە شیاوە بۆ ژەنـین لـە ژورێك یان لە هۆڵێکی بچوك دا کـە سـێ موزیکـژەن یان چوار یا زیاتر پێشکەشی دەکەن .

**مەنــەوێت** : ســەمایەکی جوانــە کــە ئیقــاعێکی سیانیی هەیە .



**بـــــاخ** ( ١٦٨٥ – ١٧٥٠ )

له كاتێكدا یۆهان سباستیان باخ هونەری مـوزیكی هەڵبــژارد وەك پیشــەیەك بــۆ خــۆی ، خــەڵكیی بەلایانـەوە سـەیرنەبوو ، بـەڵام هـەر بەشێكی تـری هونەری هەڵبژاردایه بەلایانەوە سەیر دەبوو .

ئەم هونەرمەنده له شاری ئایزیناخ له خێزانێكی زۆر بە ناوبانگ له بواری موزیك دا له دایك بوو .

زۆربـەی بـاپیرە گـەورە و خزمـەكانی ڤاڵبوون لـە موزیكـدا بـە تایبـەتی ژەنینـی ئۆرگـۆن و ڤـایۆلین و هەواییەكان و ڤاڵبوون بە كاری نوسینەوەی موزیـك ، ئـەم هونـەرەیان كردبـوو بـە بەشـێك لـە ژیانیـان، ژمــارەی ئەوانــەی ســەرقاڵی موزیــك بــوون لــەم بنەماڵەیــەدا لــە نێــوانی ســاڵانی (١٥٦٠ و ١٨٧١ ) لــە پەنجاوســێ كــەمتر نــەدەبوون ، لەگــەڵ ئــەوەی هــەموویان خــاوەنی لێهاتوییــەك و بەهرەیــەكی وانەبوون كە لە ئاستی ئـەوەدابن كـە بتـوانن بـژێویی خۆیان تـەنها لـە موزیكدا پەیدابكەن .. لەبـەر ئـەوە ناچـاربوون پـەنا بەرنـە بـەر كاروپیشـەی تـر وەك چـنین و ئـاش گێـڕان و نـان كـردن و..یـان دروسـت كردنی پێڵاو .. تا بتوانن پـارەی تـر بەدەست بهێنن

كە يارمەتيی بژێويان بدات لەگەڵ ئـەو پـارە كەمـەی لە موزيكدا پيدايان دەكرد ...ئەندامانی خێزانی باخ هەميشە نەدار بوون و بـە دەسـت هەژارييـەوە دەيـان نالآنـــد ، نـــەريتی زوو ژن هێنـــان ( ژنخـــوازيی ) لەتەمـەنی كـەم دا لـە ناويانـدا بـاو بـوو . هـەروەها حـەزكردن لــە خێزانــی گــەورە بەهــەمان شــێوە ..ئەمەيش پێويستی بـە خەرجيـەكی زۆر بـوو ...وە سبستيان خـۆی بست منـاڵی خستەوە ..ئەنـدامانی خێزانەكە جگـە لـە سباسـتيان حـەزيان بـە گـەڕان و سـەفەر دەكـرد وەك موزيـك ژەنـەكانی تـر ..تـەنها بـەوە ڕازيـی نـەبوون وەك هاوڵاتيـەكی سادە و ساكار بمێننـەوە .. ڕەزامەنـدبوون بـە ڕێـزی دەوروپشـتيان بۆيان لە ولايەتی بچووكی ( شـۆرنجيا) كـە دەكەوێتـە قولايی بەشێكی ئەڵمانياوە .

يۆهان سباستيان لە خێزانێكی پڕ ئـاوازی موزيـك چاوی بەدنيا هـەڵهێنا ، وەهـەر لـە تەمـەنی مناڵيـەوە بـــەهرەی تێـــدا دەركـــەوت . بـــاوكی ( يۆهـــان ئەمبرۆســيۆس ) موزيــك ژەنــی فــەرمانڕوايی ئــەو شـوێنەبوو .. بەمــەش ئـەم كـوڕە بـوو بـە خـاوەنی يەكەم مامۆستا كەوانەی موزيكی پێبدات پاش تەواو

بـوونی وانـەکانی لـە خوێندنگـە تـا شـەوێکی درەنـگ خـەریك دەبـوو .بـاخ لـەڕووی جەسـتەییەوە بـەتوانا نەبوو هەر ئەمەش وایلێکرد زۆر جار نەخۆش بێت لە جێگادا و نەتوانێ بچێ بۆ خوێندنگا کە وانـەکانی لە کاتژمێر شەشی بەیانی دا دەستی پێ دەکرد .

مالّی سباستیان بـە بـاخێکی گـەورە دەورە درابـوو ئەم منالّە بۆ پشوودان و بەئارام بـوونی خـۆی ڕووی لـەم باخچـەیە دەکـرد ، هـەر لەوێشـدا یەکـەم وانـەی خۆشەویسـتیی فێربـوو ( خۆشەویسـتیی سروشـت ) هـەروەها لەوێشـدا وانـەی ئـاینیی وەردەگـرت لـە ڕێگـەی دایکیـەوە کـە بەشـەکانی کتێبـی پـیرۆزی بـۆ دەخوێندەوە . پالّدەکەوت لەناو گژو گیاداو چاودێری جولآنـەوەی پەڵـە هـەورەکانی دەکـرد بـەدەم ئـەو چـیرۆکانەی کـە دایکـی بۆیدەگێڕایـەوە کاریگـەریی ئاینی تێدا چەسپاند .

ئەم سالّە خۆشـانە زۆر بـەردەوام نـەبوون بـەڵکو کۆتایی پێهات پێش ئەوەی نۆ سالّ تەواو بکات .

دایکە خۆشەویستەکەی کۆچـی دوایـی کـرد پـاش سـالّێك باوکیشـی بـەڵام خۆشـبەختانە بـۆ ئـەو وارێکـەوت کـە بـرا گەورەکـەی یۆهـان کریسـتۆف

بەرپرسی سباستیان و برایەکی تری بگرێتە ئەستۆ لە کاتێك دا ئەم برایەی پیشەی ژەنینی ئۆرگۆن بوو لە شارە بچووکەکەی ( ئۆردرۆف ) کە نزیکەی سی (٣٠) میل لە ( ئایزیناخ )ەوە دوور بوو. ئەمانیش توانیان بەردەوام بن لە وەرگرتنی دانراوە موزیکیەکانی ئەو شارە و وە لە هەمان کاتیشدا بچنە خوێندنگەی ( ئۆردرۆف ) سباستیان بوو بە خوێندکارێکی دیار و لێهاتوو لەوێدا بەتێپەڕبوونی کات پەرۆشیی باخی بچکۆلە لە موزیکدا زیادی کرد لە خوێندنگەی ( ئۆردرۆف ) زۆربەی کاتی بە نوسینەوەی نۆتەی بەرهەمی گەورە موزیکژەنەکان بەسەردەبرد تا لە قولایی شێوازەکانیان تێبگات ، وە زۆر جار شێوازی موزیکەکەی ڕیکتر دەخست کە نوسیبوویەوە ، وە ئامادەی دەکرد بۆ ئامێری جیاواز ترلەوانەی بۆی تەرخانکرابوو ....

لە یەکێك لە رۆژەکان دا ویستی چەند پارچە موزیکێك بنوسێتەوە لای خۆی کە براکەی لە دۆلابەکەیدا دایناببوو وە دایخستبوو ، بەلام لە خۆشبەختی ئەم دا دەرگای دۆلابەکە بە شێوازێك دروستکرابوو کە بتوانێ دەستی بەرێتە ژوورەوە ،

بۆ ماوەی شەش مانگ ئەم منالە شەوان چاوەڕێی دەکرد تا هەموان ئەنووستن ، هەموو جارێك بەشێك لە نۆتەکانی دەردەهێناو لەبەر ڕۆشنایی مانگە شەودا ئەینوسیەوە پاشان بەیانی ئەیخستەوە جێگاکەی خۆی بێ ئەوەی کەس هەستی پێبکات . کاتێك تەمەنی گەیشتە پانزە ساڵ بە پێویستی زانی کە بیر لە بژێویی خۆی بکاتەوە ، لەبەر ئەوە ماڵی براکەی جێهێشت و لەگەڵ یەکێك لە هاوڕێکانی دا چوو بۆ شاری ( لۆنبێرگ ) کە نزیکەی ( ٢٠٠ میل ) لە ئۆردرۆڤەوە دوور بوو . لەوێ لە بنکەی پیرۆزی قەشە میخائیل کاری هونەری خوێندنەوەی بە ئاوازی ئەو بنکەیەی پێ سپێردرا . ئەم ئیشە بواری بۆ ڕەخساند کە لایەنی ڕۆشنبیریی لە موزیکی کڵێسەدا تەواو بکات ، هەروەها گوێ ڕادێرێ بۆ تیپێك لە گەورە ژەنیارەکانی ئۆرگۆن لەو سەردەمەدا . ئەگەر بۆ گەیشتنی بەم موزیسیانانە پێویستی بە شەست میل ڕۆشتن بکردایە بەپێ ، درێغیی لێ نەدەکرد ئەوەندە پەرۆشیی موزیك بوو .پاش ئەوە بە ماوەیەکی کەم دەستی کرد بە نوسین بۆ ئامێری ئۆرگۆن بەڵام ئەوانەی کە ئەینوسیی

چـەند گۆڕانكاريـەك بـوو لـە ئـاوازی هەنـدێ لـە لاوانـەوەكان دا . لەتەمـەنی هەژدەساڵيدا بـۆ يەكـەم جـار كـارێكی گرنگـی گرتـە دەسـت لـە شـاری (ئارنسـتات)ی نزيـك ، بـوو بـە ژەنيـاری ئۆرگـۆن و بەڕێوەبـەری كـۆرس  لـە كلێسـەيەكی تـازە دروسـت كراودا كەواپێويست بـوو  مەشـق  بـە بێـژەرانی ئـەو كلێسـەيە بكـات و لەسـەر ئـامێری ئۆرگـۆن بـژەنێ لـە كاتژمێر ( ٨ بۆ١٠)ی بەيانيی وە پێنجشەممانيش لە ( ٧ بۆ ٩ ) هەروەها دووشەممانيش كـاتی نوێـژ ..بـەڵام ئەم پيشەيەی هەموو كاتەكەی داگير نەكرد ، ئەويش كاتی بەتاڵی بە ژەنينی ئۆرگۆن بەسـەردەبرد تـا بـوو بە ئۆرگۆن ژەنێكی گەورە وە ناوبـانگی لێهاتوويی لـە دەورو بەريـدا دەنگـی دايـەوە . موزيـك لـە دەسـت و پەنجەكانيـەوە زۆر بـە ئاسـانی و خێرايـی گـوزەری دەكرد ، سۆزی لە شێوازی

( كانتاتا ): چيرۆكێك يـان شانۆگەريەك  دانـراوە بـۆ گـۆرانيی هـەوايی ، هـەروەها ( تۆكاتـا ) پارچـە موزيكێكی پيانۆيە كە لێهاتوويی ژەنـەر دەردەخـات ، وە ( فـوگ ) دانراوێكـی مـوزيكيی ڕيـز بەندييـە كـە دەنگـی جۆراوجـۆری تێدايـە ،وە ئـەوەی نوسـيی

لەوکاتـەدا ( کانتاتـای پـاراو ) بـۆ خوێنـدکارەکانی لـە ئەرنستات .

لە ساڵی ( ١٧٠٧ ) دا لە کاتێکدا بوو بە بە بیستو دوو سـاڵ پیشـەی ئۆرگـۆن ژەنینـی پـێ سـپێردرا لـە کڵێسـەی قەشـە ( بلاسـیۆس مۆلهـاوزن ) وە لەگـەڵ ناهـەمواریی بـارو کەشـی ئـەوێ تـوانیی هەنـدێ لـە شاکارە سۆزەکانی ( کانتاتـا ) دارێـژێ وە تـەنها یـەك سـاڵ لـەوێ مایـەوە لەوماوەیـەدا ( ماریـا بـەربارە)ی ئامۆزای خۆی خواست .

لـە هـاوینی ( ١٧٠٨ )دا ( دۆق سـاکس وێمـار ) کـە زۆر سەرسـام بـوو بـە بـەهرە موزیکییـەکانی ئـەم هونەرمەنـدە ، بانگهێشـتی کـرد بـۆ ئـۆرگ ژەنـین و ڕابەرایـەتیی ئۆرکێسـترای پـێ بسـپێرێ لـە کۆشـکەکەیدا، بەمـەش بـاخ بـۆ یەکـەمجار خۆشـیی و ڕزامەندیی لەو پیشەیە چەشـت کـە پێیسـپێردرا لـە (ویمار) هەندێ لە باشترین بەرهەمە تایبەتەکانی بـە ئامێری ئۆرگۆن دارشـت . لەوانـە ( تۆکاتـەی گـەورە) وە (فـوگ) لـە پەیـژەی دۆی بچـوك وە ( دەروازە ) و (فوگ) لەسەر پەیژەی ڕێ .

دۆق پیاوێکی ڕۆشنبیر بوو زۆر پەرۆشی ئۆرگۆن بوو ئارەزووی لە سەرپەرشتیی هونەریی دەکرد ، بەخەیاڵیدا هات بانگهێشتی ( لویس مارشان ) بکات کە ئۆرگۆن ژەنێکی بەتوانابوو لە کۆشکی لویسی پانزەهەمی فەرەنسا تا لەنێوان ( ئەو ) و ( باخ )دا پێشبڕکێیەکی موزیکیی ساز بدات ، ڕۆژێك واڕێکەوت کە ئەم ژەنەرە فەرەنسیە گوێ بیستی نمایشێکی موزیکی ( باخ ) بوو ، ئەم گوێ بیستیەی ( لویس مارشان ) بۆ بەرهەمی ( باخ ) شڵەژاندی و یەکسەر ئەو شارەی بەجێهێشت پێش ئەوەی بەشداریی لەو پێشبڕکێیەدا بکات .

باخ جگە لە هەستانی بە کاری ئۆرگۆن ژەنین لە کۆشکی دۆق هەروەها کاری ژەنینی پیانۆی شێوە (چنگ)یی (کلاڤیکۆرد) ی پێ سپێردرابوو لەگەڵ ڤایۆلین لە ئۆرکێسترای دۆق دا کە بیست و دوو موزیك ژەنی تێدا بوو .

کاتێك کە کاری مایسترۆی پێ سپێردرا لە ساڵی ١٧١٤ دا پێویست بوو کە مانگانە ( کانتاتا )یەك دارێژێ هەروەها پارچە موزیك بۆ ئۆرکێسترا یان بۆ بۆنە تایبەتەکان ..

ئـەم کارانـە شـارەزاییەکی زۆر گـەورەی بـە پێـزی
پـێ بەخشیی ، هـەروەها پڕۆگرامـی ئۆرگۆن ژەنینـی
کە لە شارەکانی دەوروبەری پێی هەڵئەستا ناوبانگ‌و
جــەماوەرێکی زۆری بــۆ خوڵقانــد .لەســاڵی ١٧١٦ دا
کاتێـك سـەرۆکی گشـتیی مـوزیکی کۆشـك بـەتاڵ بـوو
هیوای وابوو کە ئـەو شـوێنە بەدەسـت بهێنـێ ، بـەڵام
تووشـی شکسـت بـوو .بـەڵام سـاڵێك تـێ نەپـەڕیی کـە
شــازادە ( لیۆبۆلــد ) شــازادەی ( ئەنهــەلت کــۆتهن )
کــارێکی هاوشــێوەی پــێ ســپارد ، پەســەندی کــرد و
سۆزێکی یەکجار زۆری ئەو شازادەیەی بەدەست هێنـا
کە خۆیشی واتە شازادە موزیك ژەنێکی نایاب بوو .

باخ زۆر شادمان بـوو وە کارەکـانی سـنووردار بـوو
لـە پێشـکەش کردنـی ئاهـەنگی مـوزیکی بچـووك لـە
جـۆری ( مــوزیکی ژوور یــان هــۆڵ ) بــواری دانــانی
موزیك و سەفەرکردنی بۆ ڕەخسا .ڕۆشت بـۆ لایبـزگ
بـە هیـوای بینینـی هانـدڵ بـەڵام لـە ڕۆژی گەیشـتنی
ئەم هاندڵ شـارەکەی جـێ هێشـتبوو لـە سـاڵی ١٧٤٠ دا
هەسـتا بـە گەشـتێك بـۆ ( کارلسبادسـپا) لەگـەڵ دارو
دەســتەکەی شــازادە ، پــاش گەڕانــەوەی زانــی کــە
ماریابەربارەی هاوسەری کۆچی دوایـی کـردووە ، ئـەم

كۆچ و دابڕانە ئازارێكی زۆریدا چونكە هاوسەرێكی نمونەیی بوو و دايكێكی دڵسۆز بوو بۆ حەوت منـاڵ .
پـاش ئـەم كـۆچ كردنەبـە دوو سـاڵ ( ئانـا مەجـدە لينا)ی خواست كە كيژێكی جوان بـوو كچـی پيـاوێكی ترۆمپيت ژەن بوو لە يـەكێك لـە شـارەكان ، لـەميش سيانزە مناڵی بوو ..

ئانــا زۆر بەچــاكيی گــۆرانيی دەوت و مــوزيكی دەنوسـيەوە وە زۆر لـە بەرهەمـەكانی بـۆ نوسـيەوە و لەگەڵ منداڵەكانی و هاوسەرەكەی واتە ( باخ ) فێری كلاڤيكۆردی كرد .

بـاخ زۆر جـار ئێـواران كـاری ژەنينـی ئـامێرەی كلاڤيكـۆردی بـۆ دەكـرد كاتێـك كـە بـە هيلاكيـی لـە كارەكانی دەگەڕايەوە .ئەو ساڵانەی باخ لە ( كۆتهن ) بەسـەری بـرد نێـوان ( ١٧١٧ )و ( ١٧٢٣ )ناسـرا بـەوەی كـە بەرهـەمی مـوزيكی زۆری تێـدا ئەنجامـدا وە هـەر لـەم ماوەيـەدا تواناكـانی ئۆركێسـترای تێـدا تـاوو تـوێ كرد ، كە لەو كاتەدا كـەم و سـنوردار بـوو ، وە شـەش (كۆنســـێرتۆ )ی بـــەناوبانگی دانـــابۆ شـــازادە بەپەرۆشـەكەی كـە ناسـرا بـە ( برانـدينبۆرگ) كـە يەكێكـە لـە ناوچـەكانی ڕووسـيای كـۆن ، هـەروەها

چـەند پارچـەیەك ( كانتاتـا )ی دارِشـت بـۆ بۆنـە تایبەتیـەكانی ژن خواسـتن یـان رۆژی لـە دایكبـوونی شـازادە . هـەروەها چـەند سـەرەتایەكی مـوزیكیی دارِشـت وە ( فوگـەكان ) و( سـۆناتا ) بـۆ ڤـایۆلین و پیانۆ ، هەروەها نامیلكەیەكی سەبارەت بە پیانۆ دانـا بۆ كورِەكەی ( ویڵهەم فریدمەن ) كە تەمەن نـۆ سـاڵ بـوو . ئەگـەر لیۆبۆڵد شـازادەیەكی نەخواسـتایە كـە رِقـی لـە موزیـك بوایـە ، ئەوكاتـە لەوانـەبوو بـاخ تـا كۆتـایی تەمـەنی لـەو كۆشـكەدا بمایەتـەوە ، بـەم شـێوەیە بـاخ ئـەو شـوێنەی بـەجێ هێشـت كـە شـەش سـاڵی تێـدا بەسـەر بردبـوو . پـاش دوودڵیـەك داوای مامۆستایی كرد لە قوتابخانەی ( قدیس تۆمـاس ) لـە لایبـزگ ، داواكاریەكـەی پەسـەند كـرا ، بـەڵام ئـەم شوێنەی وەكو ئەوەی پێشووی باش و سـەرنج رِاكێش نەبوو ، بەڵام ئەو پـیّ‌ی رازیـی بـوو بـەهیوای ئـەوەی خوێنـدنێكی باشـتر بـۆ منالّـەكانی دەسـتەبەر بكـات . ئەو ئەركانەی پیّ‌ی سپێردرابوو گرنگترینیان مەشق پیّ كردنی كۆرسی منالاّن بوو لە هەردوو كلێسەكەداو مەشق پیّ كردنی ئۆركێسترای شارەكە و كۆرسـەكانی هەروەها بەرِێوەبردنی كۆمەڵەی موزیكی زانكۆیی .

واپێویست بوو لە سەر باخ کە ڕازی بێ بە دەست تێـــوەردانی بەرپرســـان بـــە وەرگرتنـــی منـــاڵانی هاوڕێکانیـان لـە کۆرسـدا لەگـەڵ ئـەوەی کـە دەنگیـان شیاو نـەبوو بـۆ گـۆرانیی وتـن لەگـەڵ ئـەو ئازارانـەی ئەیچەشـت سـەبارەت بـەو پلانـە بەردەوامانـەی کـە ئەنجومەنی کلێسەی قەشە تۆماس بۆیـان دەنایـەوە ، بەڵام باخ دوا بەشی تەمەنی دەوڵەمەند بوو بە کارە هەرە باشەکانی .. تیایدا شاکارەکانی کانتاتـا و سـۆزی ئـــاوازی ئازارەکانیمەســـیحی داڕشـــت هـــەروەها بەرهـەمێکی تـری بـە نـاوی ( قەشـە لەسـۆزی خـەتی ســێ بچــکۆلە ) وە هــەروەها ( ئازارەکــان بــەپێی ئینجیلی مەتتا ) وە ( ئۆراتۆریۆی لە دایك بـوون ) و پاشان ( ئۆراتۆریۆی مەسیح )ی بۆ هاندڵ .

بـاخ لـەژیانیدا مایـەی ڕێـز و ڕەزامەنـدیی و سەرسامیی خەڵك بوو نەك تەنها لەبەر دانراوەکانی بـەڵکو لەبـەر قـاڵبوون و کامـڵ بـوونی لـە بـواری ئۆرگــۆن ژەنـــین دا ..وەهـــەر کەســێك بیویســتایە ئۆرگۆنێکی تـازە دروست بکـات داوای ڕێنمـایی ئـەوی دەکرد وە سوودی لـە تێبینیـەکانی وەردەگـرت بینـای ئۆرگۆنـە تازەکـانی دەکـرد و بەرنامـەکانی پێشکەش

دەکـردن . لـە کاتێکـدا پۆسـتیتدام لـە سـاڵی ١٧٤٧ دا سەردانێکی کرد پاشان بـانگی کـرد تـا لەسـەر هـەموو ئۆرگۆنەکانی شارەکەی بژەنێ ئـەم پێشـنیارەی پادشا (بـاخ)ی شـادمان کـرد وە لەگـەڵ گەڕانـەوەی دا بـۆ (لایبزگ )پارچـە مـوزیکێکی پێشکەش بـە پاشا کـرد ناوی نا ( پێشەکیەکی موزیکیی ) .

ئـەوتریێ ئـەو هەوڵـە زۆر و نارەحەتیـەی بـاخ چەشـتی بـە درێـژایی ژیـانی لـە نوسینەوەی موزیـك لەبـەر رووناکیـەکی کـەمی چـرا توانـای بینینـی کـەم کـردەوە لەدواییـدا بـە یکجـاریی توانـای بینینـی لەدەسـت دا وە بـە ئیفلیجیـی لەسـاڵی ١٧٥٠ دا کۆچـی دوایی کرد .تەرمەکەی بـەڕێ کـرا بـۆ کڵێسـەی قەشـە یوحـەننا لـە کەژاوەیـەکی سـاکاردا دوور لـەو ڕێ و ڕەسمانـەی کـە بـۆ گـەورە پیـاوان سازدەدرا ، لـەکاتی بەڕێ کردنی تەرمەکانیان دا ..ئەندامانی ئەنجومەنی کڵێسە وتیان ( باخ موزیکیەکی مـەزن بـوو ... بـەڵام ئێستا پێویستمان بە مامۆستایەکی تازە هەیە ) .



**مۆتزارت ( ١٧٥٦ –١٧٩١ )**

ولْفگانك ئەمادیۆس مۆتزارت کـه بـه یـەکێك لـه هەرە گەورەترین کەڵە موزیکیـەکان دەژمێردرێت لـه ساڵی ١٧٥٦ له دایك بوو.. واته شەش ساڵ پاش کۆچی باخ ، وەشوێنی لـەدایك بـوونی لـه شـاری سالسبۆرگ بـوو .. ئـەو شـارە جوانـه دڵفرێنـەی کـه دەکەوێتـه ترۆپکی کەژاوەی چیاکانی ( ئـەڵپ )ی ( نەمسا )وە . هـەر لەمناڵیــەوە نیشـانەی بلیمـەتیی و پێشـەنگیی پێوەدیـاربوو .. لـه مناڵیـەوە هـۆگری کۆکردنـەوەی ژمارەکـان بـوو لەسـەر کـۆرس و مێزەکـان دەسـتی بـه کۆکردنــەوەی ژمارەکــان دەکــرد ، ئەگــەر شــوێنێك بەردەست نەکەوتایـه بـۆ ئەنجامـدانی ئارەزووەکـەی . باوکی و دایکی ( لیۆپۆڵد و ئانا )خودا حەوت منداڵی پـێ بەخشـین بـەڵام تـەنها دووانیـان ژیـان، (ماریـا ئانـا)کـه لەخۆشەویسـتیا پێیـان ئـەوت ( نـانیرل ) وە ولْفگانك مۆتزارت که پێنج ساڵ مناڵتر بوو .

لیۆپۆڵد پیشـەی موزیـك ژەنـین بـوو لـه کۆشـکی فەرمانڕوایی ( سالسبۆرگ )ی گەورەی دەسەڵاتدار..

هەروەها مایسترۆی ئۆرکێسترای شاهەنشاهیی بوو ، پارچە موزیکی ئامادە دەکرد بۆ بۆنە تایبەتییەکان..

هەروەها کاری فێرکاریی هەردوو ئامێری هارپسیکۆرد و ڤایۆلینی ئەنجام دەدا ، کاتێك مۆتزارت تەمەنی گەیشتە سێ ساڵ گرنگییەکی تایبەتیی درخست بە وانەکانی خوشکەکەی ( نانیرل)کە منالێکی لێهاتوو بوو لە ژەنینی ئامێری هارپسیکۆرد.. هەرکاتێ نانیرل لە وانەکانی ببوایەتەوە ، ئەم دەست درێژیی دەکرد بەو باڵا بچوکەی خۆیەوە تا بگاتە کلیلە عاجییەکانی پیانۆکە، پەنجەی بە دوان یان سیان دا دەنا تا گوێی لە دەگەکان بێت ، وەئەو توانیی لەو تەمەنەدا هەست بە وورد ترین جیاوازیی نێوان چینە دەنگیەکانی ڤایۆلین بکات . لیۆپۆڵد هەستی کرد کە خوای گەورە دوو منالی بلیمەتی پێ بەخشیوە لەبەر ئەوە بڕیاریدا واز لە خوێندکارەکانی بهێنێت و گشت کاتەکانی بۆ ئەو دوو منالە تەرخان بکات .. لەو کاتەدا ولفگانك تەمەنی چوار ساڵ بوو باوکی فێری لاتینیی و ئەڵمانیی کرد لەگەڵ موزیك و بیرکاریی ،

وە منالّەکـەش تـەنها پشـتی بـە خوێنـدنی بـاوکی دەبەسـت و چوونە قوتابخانـەی پشتگوێ خست ، لـە تەمـەنی پێـنج سـاڵیدا پارچـە مـوزیکی لـە شـێوازی سـەما دادەڕشـت و بـاوکی لەدەفتـەری نـانیرل دا بـۆی دەنوسـیەوە ..ڕۆژێـك لـە کاتێکـدا لیۆپۆڵـد لەگـەڵ هاوڕێیەکیدا گەڕایەوە ماڵەوە بینـی کوڕەکـەی لـەلای مێزەکـەوە دانیشـتووە و پـەڕێکی بەدەسـتەوەیەو زۆر بە ناڕەحەتیی ئەیجوڵێنێ ، کاتێك باوکی بینـی ووتـی ( مـن کۆنسـێرتۆ بـۆ پیـانۆ دەنوسمـەوە ) لیۆپۆڵـد کاغەزەکــەی هــەڵگرت و زەردەخەنەیــەك گرتــی ، هەموو ئەوەی ئـەو بینیـی تـەنها چـەند نیشـانەیەکی موزیکی خواروخێچ لەسـەر پەڕەیـەکی مەرەکـەباویی بوو ، بەڵام کاتێـك بـە ووردیـی لێـی ڕوانیـی سەرسام بـوو ، بینیـی نیشـانەکان زۆر بەڕاسـتیی کێشـراوە و داڕێژراوە ، وە زۆر بیرۆکەی تـازەی تێدایـە .لیۆپۆڵد پیاوێکی بیر و باوەڕ پتەو بوو وای بـڕوا بوو کـە ئـەم کــوڕەی دیاریــەکی ئاسمانــە وە پێویســتە هــەموو خەڵکیی چێژ لە بەهرە بەرزەکانی وەرگرن . لە ساڵی ١٧٦٢ ئــەم خێزانــە خــۆی پێچــایەوە بەمەبەســتی گەشـتێکی مـوزیکیی گـەورە بـە ووڵاتـەکانی ئـەورووپا

كاتێك ولفگانك چووە كۆشكی ئيمبراتۆريـەتی نەمسا لـە ڤييـەننا تـا پارچـە موزيكەكـەی بـژەنێت تەمـەنی حــەوت ســاڵ تێنەپــەڕيبوو ، بــۆ ئــەو ئاهەنگــە پۆشاكێكی تايبـەتيی جوانی پۆشـيبوو لەگـەڵ نـانيرل كـە لەسـەر ئـامێری هارپسـيكۆرد ديـژەنيی ئـەميش ڤــايۆلين ، دەســتيان بــە ژەنــين كــرد لەبــەردەم ئيمبراتۆرو هاوسەرەكەی دا سەرساميان كردن پاشان داوای لـە ئيمبراتـۆر كـرد چـەند كۆپلەيـەكی گـۆرانيی بڵێ تا ئاوازێكی لێ بخولقێنێ ...مۆتزارت لـە ديمـەنی ياری ئامێزی جۆراوجۆردا بينرابوو كە هـانی دەدا بـۆ كاری بوێرانە بۆ نموونـە وەك ئـەوەی خـۆی فڕێدايـە باوەشـی هاوسـەرەكەی ئيمبراتـۆرەوە ڕوومـەتی مـاچ كرد . ئەم جۆرە ديمەنانـە چـێژو خۆشـيی پـێ دەدا . لــەو كاتــەدا ژەنينــی مــۆتزارت و خوشــكەكەی ڕەزامەندييەكی گەورەی جەماوەريی بەدەست هێنـا ، بۆيـە بانگهێشـت كـرا بـۆ كۆشـكی شاهەنشـاهيی لـە هۆڵەنــدا و سويســرا و ئــەڵمانيا وە لــە پــاريس لــە كۆشــكی لويســی پانزەهەمــدا كۆنســێرتیموزيكيان نمايش كرد ، لويسی پانزەهەم خاوەنی سێ كچ بـوو كـە لـە بـواری موزيـك دا بـاڵا دەسـت و شــارەزابوون

یەکێکیان گۆرانیی ووت و مۆتزارت بە هەماهەنگیی لە گەڵیدا دەستی کرد بە ڤایۆلین ژەنین ، بێ ئەوەی لەوەو پێش ئەو گۆرانیەی بیستبێ . کاتێك مۆتزارت و خوشکەکەی گەیشتنە لەندەن لەژێر ناوی (سەیر و سەمەرەی موزیك )پێشکەش بە جەماوەر کران .خاتوو مۆتزارت تەمەنی یانزە ساڵ بوو وە مۆتزارتی برای تەمەنی حەوت ساڵ بوو سەرکەوتنێکی گەورەیان بەدەست هێنا ، وە چەند جارێك ژەنینیان ئەنجامدا لەبەردەم پادشا ( جۆرج )ی سێیەم وە شازادە ( شارلۆن ) لە باخچەکانی تەنیشت رووباری تایمس کەوتنە جۆش بە دیمەنی نافورە هەڵقوڵاوەکان و رووناکییە رەنگینە جۆراوجۆرەکانی. شتێکی سەیر نەبوو گەر مۆتزارت بە ژیانی ساسبۆرگ بێزار بووبێ کە لە ساڵی ١٧٦٦دا گەڕایەوە بۆی پاش ئەوەی چالاکی‌یەکی زۆری لە پایتەختەکانی ئەوروپا نواند . ئەوەندەی نەبرد چوو بۆ ڤییەننا لەوێ دوو ئۆپێرای بەئەنجام گەیاند (لاڤێنتا سمبلیس ، باستیان و باستیانە ) وە لەگەڵ ئەوەش دا کە تەمەنی لە دوانزەساڵ تێ نەپەڕیبوو.. پاشان لەگەڵ باوکی دا چوو بۆ ئیتالیا ، لە

گەشتەكەياندا هەروەك چۆن پێشتر دەوەستان لەهەر شـارێك كـە دەيگەيشـتنێ ، كاتێـك گەيشـتنە ڕۆمـا ناوبـانگی مـۆتزارت پـێش خـۆی گەيشـتبووە ئـەوێ يەكســەر چــوون بــۆ ڤيرۆنــا و پۆلۆنــا و مــيلان و فلۆرەنسا وە لـە ڕۆمـا ئامـادەی ئاهـەنگێكی مـوزيكی (موزيــك ژەنێكــی ئيتــاليی ) بــوون لــە كلێســەی سيكتۆسيە ، مۆتزارت زۆر سەرسام بوو بەوەی بيستی لەو بليمەتە ، بە شێوازێك بە درێژايی شەو خـەريكی نوسينەوەی ياداشت بوو بە پێی ئەوەی لـە بيرۆكـەی دا چەسـپابوو ، كاتێـك پاپـا گوێبيسـتی ئـەم كـارە سەرسوڕهێنەرە بوو پلەی ( شۆڕەسواريی لێهاتوويی) پێ بەخشيی .

ئيتاليــەكان پێشــوازيەكی شــكۆمەنە وگــەرمی مۆتزارتيان كرد لە هەر كوێيەك بووايە .ئەويش سـێ سـيمفۆنيی بـۆ بەئەنجامـدان و پێشكەشـی كـردن وە گەيشـتە ترۆپكـی نـەمريی و لـەكاتێك دا بـوو بـە ئەنـــــدامی ( ئـــــەكاديميای فولهــــــارمۆنيی مـوزيكيی)ئەمـەش پلەيـەكی ڕێزگرتنـە كـە هـەموو كەسـێ بەدەسـتی نـاهێنێ جگـە لەوانـەی كـە توانـای

دانان و نوسینی چەند پارچە موزیکیان هەیە لە سێ سەعات دا کە بە تەنها لە ژوورێك دا بەسەری دەبات، بەڵام مۆتزارت ئەمەی تەنها لە ماوەی نیو سەعات دا بەئەنجام گەیاند . لەساڵی ١٧٧١مۆتزارت بانگهێشت کرا بۆ دانانی موزیکێکی تایبەت بە ژن هێنانی ئەرشیدۆق ( فیردینان دۆق )ی میلان و شازادە ماریا شازادەی مۆدینا ، ئەم پارچە موزیکەی کە داینا ناونرا ( ئەسکانیۆ لە ئەلبا)وە رەزامەندیەکی جەماوەریی فراوانی بەدەست هێنا بە پێچەوانەی ئۆپێرای ( لۆتشیۆسیلا )کە لەساڵی داهاتوودا بە ئەنجامی گەیاند ، دەرهێنانی لە میلان بەئانجام گەیەنرا .لەمەدا مۆتزارت یەکەم شکستی بەدەست هێنا ئەمەشیان لە تەمەنی حەڤدەساڵیدا بوو ، پاشان ئیتالیای بەجێهێشت بەیەکجاریی وە گەڕایەوە بۆ سالسبۆرگ ساڵێك بەسەر گەڕانەوەکەیدا تێنەپەڕی نەکردبوو کە دۆق باڤاریا لە میونخ داوای لێ کرد کە ئۆپێرایەکی کۆمیدیی بۆ داڕێژێ ئەویش یەکێکی داڕشت بەناوی ( لاڤێنتا جەردینێرا ) کە سەرکەوتنێکی خێرای بەدەست هێنا ، نمایشەکەی لە میونخ لەکاتی پێشکەش کردنی کەرنەڤاڵ دا بوو لە

کەشێکی شادیی کە خۆشیەکەی باڵی کێشابوو بەسـەر گشـت دانیشـتواندا لەنێوانیانـدا مـۆتزارت کـە لـەم کاتـــەدا بەتایبـــەتی هـــەموو کـــەش و بوارەکـــان دەستەبەری ئەم خۆشیی و ڕەزامەندیەی دەکرد .

مـۆتزارت تەمـەنی بیسـت سـاڵیی  لـە سالسـبۆرگ بەسەر برد بـەدانانی کۆنسێرتۆ بـۆ پیـانۆ وە پارچـە موزیکـــەکانی ئۆرگـــۆن  و قوودداســـەکان ، هـــەروەها بەرهەمی ناسراوی سیرینادای هاڤنەر .

باوکی هەمیشە ئـارەزووی هـەرە زۆری ئـەوە بـوو کە هەمیشە لە ئاستێکی بەرزی جیهانیـدا بیبینێـت ، بەڵام نەیتوانی لەگـەڵیا بێـت بـۆ گەشـتەکەی پـاریس لەبەر ئـەوەی سـەرۆکە نوێکـەی قەشـەکان کـە خـراپ بـوو وە لیۆپۆڵدی بـاوکی کاربەدەسـت بـوو لـەلای کـە ئەو ڕێگر بوو لەوەی ئەم گەشتە ئەنجام بـدات لەبـەر ئـەوە بڕیـار درا کـە دایکـی هـاوەڵیی بکـات لـەجیاتی بـــاوکی ...لـــە ئـــەنجامی ئەمانـــەو لـــەم کاتـــەدا خێزانەکەی مۆتزارت ئەوەندە دەستکەوتی هەبوو کە عەرەبانەیەکی تایبەت بکرن کە هاتووچۆ بـە دایـك و کوڕ بکات لە گەشتەکانیاندا .

ئەوان لـه گەشـتەكەیاندا بـە میـونخ دا تێپـەرین لێــرەدا مــۆتزارت ئامــادەیی خــۆی  نیشــان دا بــۆ فـەرمانڕەوای ئـەوێ ، بـەڵام ئـەو بـەو جـۆرە وەڵامـی دایەوە كـە شـوێنیتایبەتیان بـەو لادەسـت ناكـەوێت . بەردەوامبوو لە گەشـتەكەی تـا گەیشـتنە ئۆگسـبۆرگ لەوێ مۆتـزارت بۆی ڕەخسا كـە سـوود لـە ئامێرەكـانی پیانۆ و ئۆرگۆن وەرگرێ كە لە دروستكردنی ( جۆرج ئەنـدریاس شـتاین )ی بـەناوبانگ بـوو وە ئـەوەی بـۆ باوكی نوسیی سەبارەت بـە ئامێرەكـان ئـەوە بـوو كـە ووتی :

پیانۆكانی شتاین پەسـەند دەكـەم بەسـەر ئـەوانی تردا چونكە بەهەر شـێوازێك دەسـتم بـەر كلیلـەكانی بكــەوێت ئــاوازی پــاك دێتــە گــوێم  ، پــاش ئـــەوە مـۆتزارت چـوو بـۆ مانهایم لـەوێ مـیر كـارل تیـۆدۆر پێشـوازیی لێ كـرد ، ئـەم مـیرە سـەركەوتوو بـوو لـە پێكهێنــانی ئۆركێســترایەك كــە لــە ئاســتێكی بــەرزدا بوون ، مۆتزات زۆر سەرسام بـوو پێـی لەبـەر ئـەوەی ئەو ئامێرەی تێدا بوو كـە ئـەو پەسـەندی دەكـرد كـە ئـــەویش كلارنیــت بــوو ( جۆرێكــە لــە ئــامێرە هەواییـەكان ) .مـیر مـۆتزارتی كـرد بـە مامۆسـتا بـۆ

منالەکانی ، لێرەدا هەستی کرد ئەو پلەو پایە بەردەوامە بەدەست ناهێنێت کە ئاواتی پێئەخوازێ کە ئەویش بریتیە لە ( ناوەندی موزیکی شاهەنشاهیی ) هاورێ و هاوەڵانی زۆر زۆر بوون لە مانهایم لەنێوانیاندا موزیك نوسێك واتە ئەوەی (نۆتە ئەنوسێتەوە ) بە ناوی ( ویبرۆ ) چوار کچی هەبوو گەورەکەیان ناوی ( جۆزیڤا )بوو ، هەر ئەویش بوو پاشان رۆڵی ( شاژنیشەو )ی بینیی لە ئۆپێرای ( فلوتی ئەفسوناویی ) کە مۆتزارت بە ئەنجامی گەیاندبوو . مۆتزارت کەوتە داوی خۆشەویستیی کچی دووهەمیەوە

( ئالۆیسیا ) بەڵام ئەم خۆشەویستیەی بووە مایەی تووڕەیی گەورەی باوکی مۆتزارت لەبەر ئەوە فرمانی پێکرد کە بەبێ دواکەوتن بچێ بۆ پاریس وە واز لە ئالۆیسیا بهێنێ . لە ئازاری ساڵی ١٧٧٨ دا کاتێکدا مۆتزارت و دایکی گەیشتنە پاریس لەوکاتەدا رەشەبایەکی زریانـاویی شەقامە تەسکە چەوڕێژ کراوەکانی گرتبووەوە لەگەڵ ئەوەی مۆتزات نوسراوێکی بۆ یەکێك لە گەورە خێزانەکانی ئەوێ پێ بوو کە خاوەن پلەو دەسەڵات بوو ، بەڵام هیچ

تروسكاييەكی رۆشن لە ئاسۆی پایتەختی فەرەنسا دەرنەكەوت كە شوێنێكی لە شاهەنشاهی فەرەنسا بەدەست كەوێ تەنها كارەكەی لە سنوری ئامادەكردنی موزیك بوو بۆ شانۆی باليە بە ناونیشانی ( هیچ نەبووە بچووكەكان ) هەروەها سیمفۆنیی پاریسی دانا كە رەزامەندیەكی گەورەی بەدەست هێنا ... لەم كاتەدا دایكی نەخۆش كەوت ، یەكێك لە هاورێ دەوڵەمەندەكانی پزیشكە تایبەتەكەی خۆی نارد بۆ چارەسەركردنی بەڵام چارەسەركردنەكە سوودی نەبوو ، دوای دوو هەفتە لەم نەخۆشیە دایكی كۆچی دوایی كرد .مۆتزارت پاش كۆچ كردنی دایكی توشی بێزاریەكی زۆر بوو ، چونكە پاریسیەكانیش هێشتا باوەڕیان زۆر پتەو نەبوو بوو بە بەهرەی ئەم هونەرمەندە موزیك ژەنە، ئەوەندەی پێنەچوو پەیرەویی ئامۆژگاریی باوكی كرد.

پاریسی بەجێهێشت لەمانگی ئەیلول دا و گەرایەوە بۆ سالسبۆرگ و لەوێ وەك ئۆرگۆن ژەنێكی شاهەنشاهیی ئەو ناوچەیە دامەزرا ، ئەو پیشەكەی خۆی نەئەویست بەڵام پێی رازیی بوو لەبەر

خواستی باوكی بوو خۆشيەكەی زۆر گەورەبوو كاتێك بانگ كرا بۆ ميونخ تا ئۆپێرای ( ئيدۆ مينيو)دارِێژێ ، لێرەدا جەماوەری مۆتزارت بووە مايەی وروژاندن و ناخۆشحاڵيی گـەورە قەشـەكانی سالسبۆرگ ، ئـەويش هاورِێيـــەكی هــەبوو بــە نــاوی ( كــۆن ئــەركۆ ) كــە شەرِێكی توونـد لە نێـوان ئـەم و مـۆتزارت دا رووی دا كە بووە مايـەی دەركردنـی مـۆتزارت بـە ناخۆشـترين شــێواز ، لەبــەر ئــەوە سالســبۆرگی بەجێهێشــت و نەگەرِايــەوە بــۆی . پاشــان مــۆتزارت رۆيشــت بــۆ ڤييەنناو لەوێ ( كۆنستانس )ی خواست كە يـەكێك لـە كچـەكانی ( وێبـەر )ی نووسـەر بـوو، ئـەو كاتـە لەتەمــــەنی بيســــت وشــــەش ســــاڵيدا بــــوو ، وە هاوســــەرەكەی لــــە تەمــــەنی هەژدەســــاڵيدا بــــوو ، مناڵێكيان بوو ناويان نا

( كارڵ )لەگەڵ كەميی دەسكەوتيان ئـەو خێزانـە ژيانێكی ئاسوودەيان دەگوزەراند.

يەكێك لە هاوەڵە موزيكيـەكانی هايـدن بـوو كـە مۆتزارت هەنـدێ لـە چوارينە ژێدارەكانی پێشكەش كــرد .لەســاڵی ١٧٨٦ دا مــۆتزارت ئــەو ئۆپێرايــەی پێشـكەش كـرد كـە گـەورەترين جـەماوەری هـەبوو ،

ئـەویش ( ژنهێنـانی فیگـارۆ )بـەدوای ئەمیشـدا دوو ئۆپێرای تر بـەناوی ( دۆن جوایوڤانیی ) و ( کووزی فـان تـوتیی ). پـاش ئـەوەی ( گلـوك )ی موزیککـار کۆچی دوایی کـرد ، مـۆتزارت لـە کۆشـکی شـاهانە لـە جێگەی دانرا بەڵام بە سێیەکی موچەی خوالێخۆش بـوو . هـەر لـەو رۆژەوە ئـیتر هـەر قـەرزی لەسـەر کەڵەکە دەبوو ، تەندروستیی بەرەو ڕمان دەچوو . لە سـاڵی ١٧٩١ دا و لەکاتێکـدا سـەرقاڵی ( فلـوتی ئەفسوناویی )بوو ، پیاوێکی نـەدیو نەناسیو دیـدەنی کـرد قـاپوتێکی ڕەشـی لەبـەردا بـوو ، داوای لێکـرد قودداسـێکی شـیوەنی بـۆ دابنێـت بـۆ یـەکێك کـە ناوەکەی نەبرد .مـۆتزارت شـانی دایـە بـەر ئـەم کـارە (قودداسـە شـیوەنیەکە) هەرچـەند لـەو کاتـەدا نەخۆشیی بێتاقەتی کردبـوو و بـاوەڕی بـە ئەفسانەو خورافات نەبوو ، واش دەهاتە هۆش و ئەندێشەی کـە ئەو قوداسە بۆ تەرمەکەی خۆیەتیی .قسەکەی ڕاست دەرچوو ، چونکە پێش تەواو کردنی ئەو قودداسە بە نەخۆشـیی گرانـەتا( تـەیفوس ) کۆچـی دوایـی کـرد.ولفگانـك ئـەمادیۆس مـۆتزارت لـە گۆڕسـتانی هەژارەکاندا بە خاك سپێردرا .



**بتهـــۆڤــن ( ١٧٧٠ – ١٨٢٧ )**

لۆدفیك ڤان بتهۆڤن بە شكسپیری موزیكی ئـەمرۆ دائەنرێ ، رۆژێ لە رۆژان خۆی ناونـا هۆنـەری سـۆز ، ئەویش لەمـەدا ڕاسـت دەكـات لـە شـاری بـۆن لـەدایك بووە لە ناو دڵی ووڵاتی ( راین )ی ئەڵمانیای دڵفرێن، هەروەك ئەوانەی پێش خـۆی ( بـاخ ، مـۆتزارت ) لـە بنەماڵەیەكی مـوزیكیی گـۆش بـووە ، بـاوك و بـاپیری هـەردوكیان پیشـەی موزیكیـان لـە شاهەنشاهی بـۆن گرتۆتـە دەسـت ، لەگـەڵ ئـەوەی بنەماڵـەی بتهـۆڤن بەڕەچەڵەك بەلجیكین .

دایكـی لۆدڤیـك رۆشـنبیرێكی سـنوردار بـوو نـاوی (مارییـا مەجـدە لینـا )بـوو خـاوەن ڕوشـتێكی جـوان بوو، یۆهـان كـە بـاوكی لۆدڤیـك بـوو ماریـای كـرد بـە هاوسەری خۆی لـە سـاڵی ( ١٧٦٧ )وە حـەوت منـاڵی لێ بوو كە سیانیان ژیـان . لۆدڤیـك گەورەكـەیان بـوو وە دوانەكـەی تـر ( كەسـبارۆ ئـەتتوان ) و ( نیقـۆلاس یۆهان ) .

باوكی بتهۆڤن پیاوێكی بێ وورە بوو ، مـەی نـۆش بوو ، زۆر جار مامەڵەی توند و ڕەقی لەگەڵ لۆدڤیك دەكـرد ، چـونكە لۆدڤیـك ئارەزوویـەكی تـەواوی بـۆ

موزیك دەرنەئەبڕیی بەڵکو زۆر سەرکێش بوو ، هەر بەدڵی خۆی دەکرد ، بیانوی ئەدۆزیەوە تا لەوانەکانی خـۆی بدزێتـەوە ، وەهـیچ هەڕەشـەیەك و تەنانـەت قسـەی خۆشـیش کاریگـەریی نـەبوو ، ناسـرابوو بـە زیرەکیی و هەستیاریی و شەرمنیی بەڵام لـە جیهانی منالّ بـێبەش نەبوو لە گاڵتـە و گـەپ و یـاریی کـردن لەگەڵ ئەو ناهەمواریی و ناخۆشـیەی کـە بـە دەسـتی باوکییەوە دەیچەشت لـە خوێنـدنی موزیکدا ، بـەڵام ژیانێکی منالّیی هێمن و بەختـەوەر دەژیـا لـە سایەی دایکە بەسۆزەکەی و ئەو کارەکەرەی کـە هەمیشـە بـۆ گـەڕان دەیـبرد بـۆ نـاو لادێ جوانەکـەیان یـا باخچـە دڵفرێنەکانی کۆشك .

لۆدڤیـك لەگــەڵ منالّــەکانی تــردا دەچــوو بــۆ قوتابخانــە ناوخۆکــە ، هــەموو ڕۆژێــك کتێــب و پێویســتیی یــەکانی هەڵــدەگرت ، فێــری نوســین و خوێندنەوە بوو زۆر بەخێرایی ، ئەوەندەی پێنەچوو لاتینی بە تـەواویی فێـر بـوو ، وە فەرەنسیی خوێنـد تاوای لێهات کە بە تەواویی و بـە ڕاسـتیی بـەم زمانـە بنوسێ .

## ئەییان ودوارد

لــە ولاتــی رایــن ناوبــانگی گــەورەی ( منــالی سەرنجڕاکێش ) مـۆتزارت دەنگی دابـووەوە و هـەوالی ئـەم سـەرکەوتنە گەیشـتە بـاوکی لۆدڤیـك ، لـە دلی خۆی دا وایدانا کە ئەویش منالەکـەی ئامادەبکات بـۆ ئەوەی هەمان پاشـە رۆژی مـۆتزارتی هـەبێت ، بـەلام بەهرەکانی لۆدڤیك لەو جۆرانـە نـەبوو کـە زوو سـەر هەلبـدات ، لەگـەل ئەوەشـدا بـاوکی هـەر سـور بـوو لەسەر هەولدان .لـە ئاهـەنگێکی موزیکیـدا منالەکـەی پێشکەش کرد بـە جـەماوەر بەتەمـەنی شـەش سـالیی لەکاتێکدا کە تەمەنی هەشت سـال دەبـوو وە نـازانرێ رێـژەی ئەوانـە چـەند بـوو کـە باوەڕیـان بـە قسـەی باوکی کرد .

لــە تەمــەنی یــانزە ســالیدا وازی لــە خوێنــدنی قوتابخانە هێنا و ئارەزووی موزیك لەناخیا هـەلقولا، پاش سالێك کە لەگـەل دایکیـدا لـە هۆلەنـدا بەسـەری بـرد ، لـە بـۆن جـێگیر بـوو بـۆ ئـەوەی بەتـەواوەتیی خــۆی تــەرخان بکــات بــۆ وانــەکانی موزیــك ، مامۆسـتاکەی ( کرسـتیان گۆتلـۆب نیفـە )ی ئۆرگـۆن ژەن کـە تـازە لـە شاهەنشـاهی بـۆن وەك هۆنـەر و موزیـــك ژەن دامـــەزرابوو .خـــاوەن زانیـــاریی و

هاوڕێیەتیەکی زۆر لە جیهانی موزیك و رۆشنبیریی‌دا لەســـەروو ئەوەشـــەوە خـــاوەن دڵ و دەروونێکـــی بەخشندە بوو ، زانیاریی و زانستی فراوان بوو .

لەبــەر ئاســۆیەتی جیهــانی گــەورەی لــە بــیر و بۆچـوونی نـوێ لەبـەردەم قوتابیەکەیـدا کـردەوە کـە ئەمەی بۆ نەئەڕەخسا لەماڵی باوکیـدا ، بـەم شـێوەیە بتهۆڤن بوو بە هونەرمەند لـە مـاوەی دوو سـاڵ دا وە لــە بــواری پێشــکەوتندا ئەســپی خــۆی تــاودا و مەودایەکی گەورەی بڕیی کە لە ئەنجامدا بـووە هـۆی بڵاو بونەوەی ( سیانیەکانی ) وە لەئـەنجامی ئەمـەوە بە یاریـدەدەری نیفـەی ئۆرگـۆن ژەن دانـرا ، بەمـەش لۆدڤیك ساڵانی دوایی خۆش دەگوزەراند .

لەکاتێکـدا فەرمانڕەوایـەکی نـوێ فـەرمانڕەوایی (بـۆن )ی گرتــە دەســت بــە نــاوی ( مەکســیمیلیان فرانز)هەموو هەوڵ و توانایەکی خۆی خستە گەڕ بـۆ پێشکەوخســـتنی هونـــەر ...یانـــەی پێشـــبڕکێی دامەزرانـد وە کۆمەڵـەی موزیـك و بەشـەکانی وێـژەی دامەزرانــد ، لــەم کاتــەدا بتهــۆڤن گــوێ و چــاوی هەڵخســتبوو بــۆ وەرگرتنــی زانســت و گەیشــتن بــە قۆنـاغی کامـڵ بـوون لـە کەسـایەتیەکەیدا هـەروەك

چۆن لە ژیانی موزیکیی دا. دەستی کرد بـە وتنـەوەی وانەی موزیك بـە منـاڵی دەوڵەمەنـدەکان بـە شـێوازی خۆی ، نازناوی ( ئیسپانیی )پێبەخشرا .

کاتێـك تەمـەنی گەیشـتە حەڤدەسـاڵ سـەردانی ڤیننـای کـرد بـۆ یەکـەم جـار پـاش ئـەوەی لـە مامۆستاکەی ( نیفە )وە

فێـری دانـانی موزیـك بـوو هەنـدێ بەرهـەمی بـە پێزی دارشت و گەیشتە لوتکەی لێهاتویی لـە ژەنینـی پیـانۆدا . لـە ڤیـەننا سـەرقاڵی لێکۆڵینـەوە بـوو دەربـارەی( مـۆتزارت ) ی بـەناوبانگ لەگـەڵ ئـەوەی ئـەم موزیـك ژەنـە سەرسـامیەکی زۆری دەربڕیـی سەبارەت بـە جوانکاریی بتهـۆڤن لـە ژەنینـدا ، بـەڵام بتهـۆڤن ئـەم ئامانجـەی نەهاتـەدیی چـونکە هـەواڵی پێگەیشت کە دایکی توشی نەخۆشیەکی تونـد بـووە ، لەبـەر ئـەوە بـەخێرایی گەڕایـەوە بـۆ ماڵـەوە و بـە چـەند سـاتێك پـێش مـەرگی دایکـی گەیشـتەوە لای .
بـاوکی لـەم کاتـەدا ئـالودەی مـەی نۆشـین بـوو تـا تەندروسـتیی ئـەویش تێـك چـوو بەرادەیـەك کـە خـەریك بـوو توانـای گـۆرانیی لەدەسـت بـدات . ئەوەندەی پێنەچوو کارەکەی لەدەست چوو ، لێـرەدا

لۆدڤيك باری قورسی خێزانی كەوتە ئەستۆ ئەمەش لەتەمەنی هەژدەساڵيدا ، بەڵام دەسكەوتی لە فێركردنی موزيك زيادی كرد بەباشيی ، وە هەرچيەكی دەستكەوتايە لە خزمەتی باوكيی و دوو مناڵەكەيدا سەرفی دەكرد .

سەری ساڵی تازە هات لەساڵی ١٧٩٠ هەواڵی خۆشی بۆ بتهۆڤن پێبوو ، يەكەميان گەيشتنی بە موزيسيانی بەناوبانگ هايدن ئەوەش لە كاتێك دا بوو كە بە شاری بۆن دا تێپەڕيی لەكاتی گەشتەكەيدا بۆ لەندەن .

دووەم ڕووداو كەلەوانەبوو لەوەی يەكەم گرنگتربێت ئەويش بڕياردانی دوو هاوڕێی نزيكی كە ئەوانيش

( كۆنت وەلدەستين و ستيفن فۆن برونينگ )بوو كە بينێرنەوە بۆ گەشتێكی تر بۆ ڤييەننا چونكە لەوێ بواری بۆ دەڕەخسێ كە لەسەردەستی هايدن بخوێنێ ( ڤييەننا شاری موزيكی مەزن ، شاری مۆتزارت و هايدن ) بتهۆڤنی سەرسامكرد هەر كە ساڵی ١٧٩٢ دا پێی تێنا ئێرەی بەشاری هيواو ئاواتەكانی دەبينيی ، وە پاشماوەی ڕۆژەكانی تری

ژیـانی تیـا بردەسـەر ، لەبـەر ئـەوەی بـاوكی یەكسـەر بـەدوای گەشـتەكەی بتهـۆڤن بـەرەو ( بـۆن )كۆچـی كـرد. بتهـۆڤن لـەو وانانــەی كـە لـە ( هایـدن )ەوە وەریگرت  ئەو سـەركەوتنەی لێ بەدەسـت نـەهێنا كـە چاوەڕوانی دەكرد ، نەگونجانێك لە نێوانیاندا هەبوو، بەلاَم نەگەیشتە ڕادەی دژایەتیی كردن .

هایدن مرۆڤێكـی نـەرم بـوو ، لەسـەرخۆ بـوو ، وە لەوانەیــە ئــەو تونــد و تیژیــەی لەگــەڵ ئــەو سەرسەختیەی قوتابیەكەی ئەم نەگونجانەی دروست كردبێت .

بتهـۆڤن هەسـتی كـرد كـە ئـەو پێشـكەوتنەی بەدەست نـەهێنا كـە چاوەڕوانی دەكـرد لـە وانـەكانی مامۆستا گەورە بەتەمەنەكەی لەبەر ئـەوە بـەنهێنیی دەستی بـە خوێنـدنی وانـەی تـر كـرد لەسـەر دەسـتی دوو مامۆســتای تــر كــە ئــەوانیش ( شــەنك و بەرختسبەرچـەر )بـوو وە لەسـاڵی ١٧٩٥ دا بـوو بـە مامۆستای خۆی .

لەتەمەنی بیست و شەش ساڵیدا هەستی كـرد كـە گەیشـتۆتە ترۆپكـی كامـەرانیی  و پلـەو پایەیـەكی بەرز و جەماوەرێكی زۆری لەماڵە دەوڵەمەنـدەكان دا

هەبوو ، وە خۆشگوزەران بوو بـە هاوڕێیـەتیی لەگـەڵ خـاوەن دەسـەڵاتدارەكان ، وە لەیـەكێك لـە خـانووی لایـــەنگرو خۆشەویســـتەكانی نیشـــتەجێ بـــوو ، كەئەویش ( لیكنۆسكی) بوو لەو ئاهەنگانـەی كـە لـە باخچـــەكەیدا دەیگێـــڕا هـــەوێن و سەرچـــاوەی سەركەوتنەكەی ئاهەنگەكە بتهۆڤن بوو ، هـەموویانی دەخســـتە جـــۆش بـــە ئـــاوازە خۆشـــەكانی ، لەگـــەڵ ئەوەشدا ئـەبووە هـۆی مایـەی شڵەژان و ناخۆشحاڵی هەنـدێكی تـر ....لـەم كاتـەدا بتهـۆڤن لـە ڕوانگـەی جـەماوەرەوە بـوو بـە گـەورەترین پیـانۆ ژەن لـە ڤییـەننا ، كـە سەرسـامیەكەیان زیـاتر بـە ژەنینـی موزیـك بـوو ، نـەك دانـانی مـوزیكی . هەسـتا بـە گەشتێك بۆ پراگ و بەرلین و درسدن و نـۆرومبێرگ و ئاهـەنگی مـوزیكی گێـڕا بـەڵام ئـەو گەشـتانەی كـە بڕیـاری دا بـۆ پـاریس و لەنـدەن هـیچ ئـەنجامێكی نەبوو . بتهـۆڤن هـەر لـە منالێـەوە هـۆگری جوانیی سروشت بوو زۆربەی پشووە درێـژەكانی لـە لادێكانـدا بەسەر دەبرد ، تیایدا بە پێ دەگەڕا بـە نـاو كونـج و قوژبنەكانیدا ، وەلەگیرفانیدا دەفتەرێكی تێدا بوو كە بیرۆكـە ئەندێشـاویەكانی تێـدا تۆمـار دەكـرد .بـە

هـۆگریی و خۆشەویسـتیی بـۆ سروشـت پـەیامی نوسـین‌و دانـانی سـیمفۆنیە بەناوبانگەکـەی (سیمفـۆنیی لادێ )لـە دایـك بـوو ، ئـەوەی زۆر بـە وریایی گوێ رادێـرێ بـۆ ئـەم سیمفۆنیە گوێبیستی جریوەی چۆلەکەکان دەبێ لەگەڵ هاژەی ئـاوو دەنگی ئاژەڵان و ئەوەی بەوردیی گوێڕادێری بێت گوێبیستی موزیکێك دەبێت لە شێوازی گەردەلولـدا لـە جوڵـەی چوارەمی سیمفۆنیەکەدا .

سـاڵی ١٨٠٠ بـە خـاڵی وەرچـەرخان دادەنرێت لـە ژیـانی بتهـۆڤن دا لـە ڕووی موزیکـەوە وای لێهـات ناوبـانگی توانـای دانـانی مـوزیکی زاڵ بـوو بەسـەر توانـای بلیمـەتیی ژەنینـیدا ، بـەڵام بەتایبـەتیی لـەم کاتەدا گۆڕانکاریەکی کتوپڕ روویداو توشی دوودڵیی‌و دڵـەڕاوکێی کـرد کاتێـك هەسـتی کـرد وردە وردە هەسـتی بیسـتنی کـەم دەکـات ، وە هەسـتی نەبیسـتن خـەریك بـوو زاڵ دەبـوو بەسـەریا ، لێـرەدا ویسـتی نەخۆشیەکەی بشارێتەوە تـا نەبێتـە هـۆی مەترسـیی بـۆ سـەر پیشـەکەی . لەبـەر ئـەوەی بتهـۆڤن زوو هەڵدەچـوو ، بۆیـە بـەم رووداوە گۆشـەگیریی لەبەرامبەر خەڵکدا تیـا دەرکـەوت . دوو دڵیـی و دڵـە

راوكێ هێرشی بۆ هێنا ، لەگەڵ ئەوەی ئەو بەشێكی زۆر بەكەمیی لەقسەكانیان تێدەگەیشت بەلام وایبەخەیاڵدا ئەهات كە ئەوان بۆسەی بۆ دەنێنەوە ، بەلام تۆزێ سەبوریی پیاداهات ئەویش لەئەنجامی هاوەڵێتیی كچێكی حەڤدەساڵان كە ئەویش (كۆنتیس جۆلیتا گۆتشیاریی )بوو زۆری خۆش ئەویست وە سۆناتا بەناوبانگەكەی ( سۆناتای تریفەی مانگەشەو )ی پێشكەش كرد ، بەلام هاورێیەتیەكەیان زۆر بەردەوام نەبوو چونكە كۆنتیسە لەساڵی ئایندەدا شوی كرد بەیەكێكی تر .

نەخۆشییەكەی ( نەبیستن )لەساڵی ١٨٠٢ وایلێهات لای زۆربەی خەڵك ئاشكرابوو ، ئەمەو شووكردنی كۆنتیسە

نارەحەتی كرد ، وایلێهات ژیان بەئەركێكی زۆر قورس هاتە پێش چاوی كە توانای بەرگە گرتنی نەبێت ، لەبەر ئەوە لەناوچەیەكی گوندنشین دا گۆشەگیر بوو ، وەبەرهەمێكی نوسیی بەناوی (وەسیەتی شاری قەشەكان ) كە تیایدا چیرۆكی ئەشكەنجەو بێزاریی ژیانی تێدا دەرخست .

بـیری لـه خۆکوشـتن کـردەوە ، لەدواییـدا پاشـگەز بـووەوە و نوسـیی ( لەگـەڵ ناهـەمواریی سروشـت دا هـەموو توانـا و بەهرەیـەکی خـۆم دەخەمـە گـەڕ تـا ببمە هونەرمەندێکی بەڕێز و پیاوێکی بەرز ) .

بتهۆڤن گەڕایەوە بۆ ڤییەننا بە رۆحێکی تازەوە ، لەم کاتەدا حەزو سۆز وهیوای بەرەو سەرکردە ( نـاپلیۆن پۆناپـارت) بـوو کـە بـە رزگـار کـەری گـەلانی بـێ دەسـەڵاتی دەزانیـی وە سیمفۆنیی ژمـارە سـێیەمی بـۆ پاڵەوانەکـەی نوسـیی کـە ئـەویش( ئیرۆیکا)یە ،بەڵام کاتێك ناپلیۆن خۆی بە ئیمبراتۆری فەرەنسا دانا بتهۆڤن توشی شکستێکی گەورە بـوو و وتی : ناپلیۆن وەکو هەر مرۆڤێکی تـر وایـە و نـاوی سیمفۆنیەکەی سـڕیەوەو لەجێگاکـەی زۆر بەئاسـانیی نووسـیی : ( بـۆ یـادەوەریی مرۆڤێکـی مـەزن ) لـەم کاتەدا هەستی نەبیستن تـەواو تـەنگی پێهەڵچنیی وە کاتێـــك گەیشـــتە تەمـــەنی چـــل ســـاڵیی کـــەس نەیـدەتوانیی ئاخـاوتنی لەگەڵدا بکـات بـەبێ نامـەی نوسـراو لــە دەفتــەرێکی بچــووکدا کــە تائــەمڕۆش نمونەی زۆریان مـاون .وایلێهات نیشانەی نائومێدیی روو بـە رووی ئـەبووەوە کـە وایلێکـرد خـراپ رەفتـار

بکات ، تەنانەت لەگەڵ نزیکترین و خۆشەویسترین دۆستان و جەماوەرەکەیدا ، لەگەڵ ئەوەشدا زۆر کەس لە هاوڕێیانی بەدڵسۆزیی لەدەوری مانەوە لەوانە هۆنەری گەورە ( گۆتە )کە یاوەری بوو لە گەشتەکانیدا بۆ گوندەکان . ئێمە ئەتوانین بیهێنینەوە بەر چاومان کە بتهۆڤن لە ژوورێکدایە کە پەرش و بلاویی پێوەدیارە ، کتێب و دەست نووس و جل و بەرگی تیا بلاو بۆتەوە و زۆر جاریش پاشماوەی خواردن .

لە گوێچکەیدا پارچە لۆکەی تەڕکراوی بەشلەمەنیەکی زەرد لێئەدا بەهیوای چاکبونەوە ، (ئەو قوتابیەکەمانەی کە سەردانیان دەکرد یان بواریان هەبوو سەردانی بکەن ئەو بارو حاڵەیان دەگێڕایەوە ) .

لە نێوان ساڵانی ١٨١٢ و ١٨١٧ بەرهەمی کەم بوو ، لەوانەبوو خۆی ئامادە بکات بۆ شاکارەکەی(سیمفۆنی نۆیەم ) لە پاشان بەئەنجامی گەیاند .

بتهۆڤن لەکاتی گۆشە گیریی‌دا ئەزمونی بوێرانەی ئەنجام دەدا ، کەبەمە پێش سەردەمی خۆی کەوتبوو،

بەچەند سالێك زۆربەی خەڵك ئەم بەرهەمانەیان بەشێوازی تازەو پەنهان لەقەڵەم دەدا .

ئەم بەرهەمانەی بونە مایەی فەرامۆش کردن بۆ نزیکەی سەدەیەك بەڵام سیمفۆنییە گەورەکەی نۆیەمی کە ناسرابوو بە ( سیمفۆنییکۆراڵیی)چونکە لەم سیمفۆنیەدا گۆرانیی بێژو موزیك ژەنەکانی ئۆرکێستڕای تێدا کۆکردەوە کە سەرکەوتنێکی گەورەی بەدەست هێنا هەر لە ساڵی یەکەمی نمایش کردنیەوە١٨٢٤ بتهۆڤن لەکاتی پێشکەشکردنی ئەم سیمفۆنیەیدا وەستابوو لە شوێنی تایبەتی خۆی لە ئۆرکێستڕاکەدا ، یەکێك لە موزیك ژەنەکان وەریگێڕا بەلای جەماوەردا تاکو بە چاوی خۆی لێشاوی ئەو چەپڵە لێدانە ببینێ کە هۆڵەکەی دەهەژاند و ئەو نەیدەبیست .پاش ئەمە بتهۆڤن لە گۆشەگیریەکی تەواودا ئەژیا ، وە لەکۆتایی ساڵی ١٨٢٦ دا باری تەندروستیی زۆر خراپ بوو ، گواستیەوە بۆ ماڵی براکەی نیقۆلاس یۆهان کە بوو بوو بە یەکێك لە گەورە پیاوان و خاوەن دەسەڵات ، بەهۆی ئەو سامانە زۆرەی کۆیکردبوەوە لە پیشەی دەرمانسازیدا ، بەڵام براژنەکەی دژایەتیی بتهۆڤنی دەکرد ، لەوانەیە هەر

ئەم دژایەتیی کردنەش بووبێتە هۆی ئەوەی کە باری تەندروستیی بەرەو باشیی و پێشکەوتن نەچوو وە رق وبێزاریی براکەی گەیشتە رادەیەك کە ماڵەکە بەجێ بهێڵێ ، لە عەرەبانەی شیر کۆکردنەوە لە بری عەرەبانەی تایبەت بە گواستنەوەی خەڵکیی بتهۆڤن گەڕایەوە بۆ ڤییەننا ، بەنەخۆشیی لەجێگادا کەوت ، بەڵام نەخۆشیی رێگر نەبوو لە دانانی دارِشتنی بەرهەمی موزیکی نوێ ....

پاش تێپەڕبوونی سێ مانگ بەسەر ئەم نەخۆشیەیدا لە شەوی بیست و شەشی ئازاری ١٨٢٧ دا کۆچی دوایی کرد لە شەوێکی گەردەلولاویی کە وڵاتی گرتبووەوە ، هاورِێیان و خزمە نزیکەکانی لەگەڵ دیاریەکانی خۆشەویستانی دەوریان دابوو...

## هەندێ لە ژەنراوە بەناوبانگەکانی ناودارانی ئەم کتێبە

## باخ

١. کۆنسێرتۆکانی براندینبۆرگ The Brandenborg Concertos

شەش کۆنسێرتۆن بەچەند ئامێرێکی جیاواز ، رەنگە هەموو دانراوە تایبەتیەکانی بە ئامێرە میللیەکان لێدرابێت .

٢.زنجیرە ئاوازەکانی ژمارە (٣) لە پەیژەی ری Sutie No.3 in D

ناوەرۆکی ئەم زنجیرە ئاوازی سستە کە بە ( ئاواز لەسەر ژێی سۆل )ناسراوە .

٣. سروشتی جوانیی کلاڤێر The Well – temperedClavier

هەندێ جاریش پێی دەڵێن ( تەوراتی موزیک ) چل و هەشت کردنەوە Preludesو فوگ Fuguesی تێدایە ، هەردوانێك لەکلیلێکی موزیکدایە ، گۆنۆد Gounod کردنەوەی ژمارە یەکەمی لە پەیژەی دۆی گەورەدا گۆڕیوە بۆ ژەنینە بەناوبانگەکەی ( سلاوی فریشتانە ) Ave Maria

٤.تۆكاتاو فوگ لە پەيژەی رێی بچووكدا Toccata and Fugue in D minor

يەكێكە لە دانراوە بەناوبانگەكانی بـاخ ، تايبەتـە بە ئۆرگۆن و لەگەڵ ئۆركێستڕادا ئامادە كراوە ، ( والــت ديزنـــی ) ئـــەم پارچـــەيەی لـــە فليمـــی فەنتازيا Fantasia دا بەكارهێناوە .

٥. پەرێشـــانيی بـــەپێی ئينجيلـــی مـــەتتا St. Matthew Passion

مـەزنترين نڤـارە ئاينيەكانيـەتی ، لەهەرشـوێنێك پێشكەش بكرێت بەڕووداوێكی گەورەو گرنگ ساڵانە دادەنرێـــت ، وەك ( مەســـيح ) Messiah لـــەدانانی هاندڵ .

## مۆتزارت

١. سیمفۆنیی ژمارە ٣٩ Symphony No. 39 in E flat

٢. سـیمفۆنیی ژمـارە ٤٠ Symphony No. 40 in G Major

٣. سیمفۆنیی ژمـارە ٤١ Symphony No.41 in C (Jopiter)

ئەم سیمفۆنیانە نمونەی تـەواوترین بەرهـەمێکی موزیکیە کە دانرابێت ، مـۆتزارت لـە شـەش هەفتـەدا دایناوە پێش مردنی بە سێ ساڵ .

٤. ژەنـــراوی شـــەوێکی بچـــووك ine kleine Nachtmusic

ئـــەم ســـیرینادا ژێـــدارە لـــە مـــەزنترین ژەنـــراوی جیهانیەو لەناو خەڵك دا باوە .

٥.کۆنسێرتۆکانی پیانۆ Piano Concertos

ئەو کۆنسـێرتۆیانەی مـۆتزارت بـۆ پیـانۆی دانـاوە جوانترین شتێکە لەم بـوارەدا ، ڕۆڵی تـەنیایی لێـرەدا نقارێکی دڵڕفێنە .

٦.فلوتی ئەفسوناویی The Majic Flute

دوایـین ئـۆپێرای مۆتزارتـە و لـە هـەمویان زیـاتر باوە ، ئاوازی چاکچاکی تێدایە و چێژی باشـی هەیـە ، بانواندنیشی لەگەڵدا نەبێت .

## بتهۆڤن

١.سـيمفۆنيی ژمـارە شەشـەم لـە پەيـژەی ( فا )ی گەورە ( سيمفۆنيی ئاوايی )ئەو دانراوە سيمفۆنيەی بتهۆڤن پێكی هێناوە ، ماددەيەكی سەركيە لە هـەموو ئۆركێسـترای سـيمفۆنيەكاندا .وە خـەڵكانێكی زۆری بەدواوەيـــە بەتايبـــەتيی ( گونديـــەكان )بـــە گەردەلولـــەكانيی و وێنـــە ســـەير و ســـەمەرەكانی سروشت .

٢. كۆنسێرتۆی پيانۆی ژمارە ( ٥ )شاهەنشاه

دوا كۆنسـێرتۆيە ، نـڤـارترين بەرهـەمێتی كـە بـۆ پيـانۆی نوسـيوە ، واچـاكە گـوێ شـل بكرێـت بـۆ كۆنسـێرتۆكانیتری ٣.كۆنسـێرتۆ بـۆ ڤـايۆلين لـە پەيژەی رێی گەورە

ناسـك تـرين دانراوەكـانی ( بتهـۆڤن )ە ، بەسـەر موزيـك ژەن و گـۆرانيی بێـژدا هەسـت و دەربـڕين دەسەپێنێ نەك كەشخەيی و رواڵەت .

٤. سـيی و دوو سـۆناتا بـۆ پيـانۆ 32 Sonata for Piano

بە ( ئينجيلی موزيك )نـاوبراوە ، لەناويانـدا ئـەم سيانەيان زۆر بەناوبانگن :

( پـەژارەیی Pathetique ) و ( تریفـەی مـانگ Moonlight ) و ( ناسۆزیی Appassionata )

٥. چوارینە ژێدارەکان String Quartets

مـوزیکی ژوور پێویسـتی بـە بەهرەیـەکی مەزنـە کە موزیکژەن و گۆرانیی بێژ هەیبێت ، گوێ گرەکان پێویستە گوێ گری چاك بـن ، وە دوایـن چـوارینانەی بەتایبەتیی کەس ناتوانێت پێشکەشیان بکات گەورە موزیك ژەنـەکان نـەبێت . خۆشـبەختانە ئـەمڕۆ بـە تۆمارکراویی لەسەر کاسێت و CDخراونەتە بـەردەم ئارەزوومەندان .